## هەڤاڵ ئیبراهیم:

# ماچەکەی کلیپی (عزیزە) ئاسایی بوو

**هونەرمەندێکی لاوە و هێشتا لە سەرەتای کاروانی هونەرییە، بەڵام کارەکانی گەواهیدەری ئەوەن کە خاوەن توانایەکی هونەری زۆر و لە بن نەهاتووە، هەڤاڵ ئیبراهیم کە سەرەتا بە چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری هونەرمەندانی نەمر زیاتر دەرکەوت و ناسرا رۆڵێکی بەرچاویشی هەیە لە نوێگەریی کە ئێستا زۆر باس دەکرێ بە لەبەرچاو گرتنی فۆلکلۆر و رەسەنایەتی هونەری کوردی، لە هەمان کاتدا بە دیالیکتە جیاوازەکانی کوردستانیش برەوی بە هونەرەکەی خۆیدا و ئێستاش بەردەوامە، هونەرمەندی لاو هەڤاڵ ئیبراهیم بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** تۆ و چەند هونەرمەندێکی لاوی تر، جۆرێك لە نوێگەرایەتیتان هێنایە ناو هونەری کوردی کە تێکەڵ کردن بوو لەگەڵ فۆلکلۆر، تا چەند لەم هەنگاوەتان سەرکەوتوو بوون؟**

- راستە ئێمە ئەزموونێکمان لەو بوارەدا هەیە کە بەپێی مۆدێلی نوێ گۆرانی فۆلکلۆری بڵێین، سەبارەت بە سەرکەوتنیشمان ئەمە دەمێنێتەوە سەر هەڵسەنگاندنی جەماوەر و رەخنەگر و شارەزایانی بواری گۆرانی و موزیکی کوردی، بەڵام بە گشتی پێموایە ئێمە هەندێك کاری باشمان سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەنجامداوە.




*** کاری باش دەستخۆشی لێدەکری و کاری خراپیش رەخنەی لێدەگیرێ، تۆ رەخنەت لێگیراوە یان دەستخۆشی؟**

- سەبارەت بە خۆم زیاتر تێبینی ئەوەم کردووە کارەکانم زیاتر لەلای خەڵك ویستراو بووە و سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە، چونکە زۆر دەستکاری گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانم نەکردووە، هەمان میلۆدی و هەمان بابەتە، تەنیا ستایلی دابەشکردنەکەم هەندێك گۆڕیوە.

***نوێگەرایی نابێتە هۆی پشتگوێ خستنی فۆلکلۆر؟**

- نەخێر بەپێچەوانەوە فۆلکلۆر ئەو کاتە لەبیر دەکرێ کە نوێکاری تێدا نەکرێ و پێشکەش نەکرێتەوە.

***ئێوەی نەوەی ئێستای هونەرمەندانی دەتوانیوتانە شوێنی هونەرمەندە نەمرەکانی دەڤەرەکە پڕ بکەنەوە؟**

- ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام دوای چەندین ساڵی تر ئەو کاتە دەزانن کە ئێمە چیمان کردووە، بەڵام هەر کارێکی هونەری لە هەر شوێن و زەمەنێك بێت تەمەنی درێژە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی رەسەنایەتییان تێدایە و کاری جددی بۆ کرابێت. من خۆم ستایلێکی تایبەتم هەیە کە پێی ناسراوم، بەڵام هەوڵ دەدەم بە هەموو ستایلەکان گۆرانی بڵێم.

***سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و گرفتانەی رووبەڕووی هونەرمەندانی کورد دەبنەوە، کەچی هونەری گۆرانی و موزیك بەردەوامە و بگرە لە پێشکەوتنیشدایە، تا کەی دەتوانن بەردەوام بن و کەسیش گوێ بە داخوازیەکانتان نەدات؟**

- ئێمەی هونەرمەندان زۆر جارە کە تووشی بێزاری و بێ ئۆمێدی دەبین، ئەوکاتە بیر لە وازهینان دەکەینەوە، چونکە رۆژ بە رۆژ بارودۆخی هونەری خراپتر دەبێت، هیچ سیستەم و بەرنامەیەك بۆ ئەو هونەرمەندانە دانەنراوە کە کاری بەرچاو دەکەن و هەوڵی پێشخستنی موزیکی کوردی دەدەن، بەداخەوە لە کوردستان تا ئێستا بازاڕی گۆرانی و موزیك بوونی نییە بە جۆرێك هونەرمەندە بە تواناکان وەك ئەو پزیشکانەیان لێهاتووە کە دوای دەرچوونیان بێ نۆرینگە و بێ نەخۆشن، سەرەڕای ئەوەش ئێمە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەین بازاڕێك دروست



بکەین کــە هونەرمەندی کورد بتوانێت تێیدا بژیت و ساڵانە یان دوو ساڵ جارێکی سیدییەکی نوێ تۆمار بکات، هەرچەندە ئەم کارە لە کوردســـتان زۆر زەحمەتە.

پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری پلانێکی بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە هەبێت، نە دەتوانێت مافی هونەرمەنـــدان بپارێزێت نەپلانێکیشـــی داناوە بۆ هاوکاری کردنی هونەرمەندان بەتایبەتی ئەوانەی ناسراو و ئەکادیمین و خزمەتی بەرچاو پێشکەش بە هونەری کوردی دەکەن.

***ئایا بناغەیەکتان بۆ بازاڕی هونەری داناوە؟**

-ســـوپاس بۆ خوا بەگوێـــرەی تواناکانی خۆمان بازاڕێکمان داناوە، بۆ نموونە بەشداری لە ئاهەنگ و زەماوەنـــدەکان دەکەم بۆ ئـــەوەی هەندێك پارە کۆبکەمەوە، تاکو سیدییەکی نوێ بەرهەم بهێنم، بەڵام ئەو سیدییەی بەو حاڵە بڵاوی دەکەمەوە هەر زوو لە پێش چاوی خۆم کۆپی دەکرێ بێ ئەوەی بتوانین هیچ کاردانەوەیەکم هەبێت، هەمیشـــەش دەڵێین بەڵکو بەیانی یان دوو بەیانی، مانگێکی تر، ساڵێکی تر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، بەڵام دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە هەندێك هونەرمەند هەن سوودیان بینیوە،(مســـتفیدن) جا بە هەر شێوە و بـــە هەر ڕێگایەك بێت کە من نامەوێ باســـیان بکەم، بەشێوەیەکی گشتی دەمانەوێ بازاڕێکی هونەری پەیدا بکەین، نەك هونەرمەند بە دەســـت پان کردنەوە و سواڵکەری پارە کۆ بکاتەوە و کاری هونەری بکات، چونکە تا بە داهاتی ســـیدی و بەرهەمەکانی هونەرمەند پارە کۆ نەکاتەوە، هونەر پێـــش ناکەوێت، من وەك هەڤـــاڵ دەتوانم کاری بازرگانـــی بکەم، بـــەڵام بازرگانی کردن کاری من نییە، هونەرمەند دەبێ بازرگانی بە هونەری خۆی بکات بۆ پێشخستنی هونەری کوردی.

***وەك هونەرمەنـــد بیرتـــان لـــەوە نەکردۆتـــەوە هەڵوێســـتێکتان هەبێت بەرامبەر بە پێشێلکارییە بەردەوامەکانی مافی هونەر و هونەرمەندان؟**

- بێگومان پێشـــێل نەکردنی مافی هونەرمەندان ئاواتی ئێمەیە و زۆر بەڵێنیشیان پێداوین، تەنانەت خودی جەنابی ســـەرۆك بارزانی پشتگیری لە مافەکانـــی ئێمە دەکات و بەڵێنـــی پێداوین ئەم بابەتە چارەســـەر بکرێت، ئێمەش هیوایەکمان بەو بەڵێنەی جەنابیان زۆرە کە بتوانێت پێشێل کردنی مافی هونەرمەندان کۆتایی پێ بێت.

## سیستەم و بەرنامەیەك بۆ ئەو هونەرمەندانە دانەنراوە کە کاری بەرچاو دەکەن

*** بۆچی کەناڵە هونەرییە کوردییەکان ســـەرەتا زۆر بە گەرم و گوڕی دێنە گۆڕەپانەکەوە، بەڵام دواتر دۆرێك لە ساردییان پێوە دەبینرێت، تۆ بڵێی هۆکاری چی بێت؟**

-من زۆر شـــارەزاییم لەو بوارە نییە، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کادری ئەو کەناڵانە دەوەســـتێت کـــە پـــلان و ئامانجەکانی چین، بەشـــێوەیەکی گشـــتی کەناڵەکان باشن، بەڵام ئێمە هیواخوازین و پێویستیش بوو باشتریش بن، چونکە بەپێی ئەو بارودۆخە ئابوورییەی ئێستا لە کوردستان، فەراهەم بووە لەڕووی بازرگانـــی دەبوایە کەناڵەکانمان لە ئاستێکی بەرزتر بوان.

***هەندێك هونەرمەند روویان لە پێشکەش کردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییـــەکان کردووە، ئەگەر داوات لێبکرێت ئەم کارە دەکەی؟**

- بەڵێ داوام لێکراوە بەرنامەی هونەری پێشکەش بکەم، بەڵام تا ئێســـتا سەد دەر سەد ناتوانم بڵێم دەتوانم ئەو کارە بکـــەم، هەروەها هەندێك پلانی تایبەتم هەیە لە هزری خۆم ئەگەر بۆم جێبەجێ بکرێن بێگومان بەرنامە پێشکەش دەکەم.

*** ئەگەر لـــە ئاهەنگێك کچێك ماچی کردبی، تووشی تەعلیق لێنەدان نەبوویەوە؟**

- نەخێر شتی وا رووی نەداوە ئەگەر هەشبووبێت بەشـــێوەیەکی ئاســـایی بووە و نەبوەتە کارێکی گەورە کە ئیحراجی تێدا بووبێت.

*** ئەی ماچەکەی لە کلیپی( عەزیزە)دا؟**

- راســـتە، بەڵام ماچەکە سێکسی نەبوو بەڵکو ماچێکی ئاسایی بوو و پەیوەندی بە سیناریۆکەوە هەیـــە، من رۆڵەکەم تەواو کرد، لە کلیپەکەدا ئەو کچە لێم تورە دەبێت منیش بەشێوەیەکی ئاسایی ئاشـــتم کردەوە، رەنگە تانەم لێدرا بێت لەسەر ئەو

## هەندێك هونەرمەند نەچنە ناو جەماوەر باشترە بۆیان

ماچە، بەڵام لەبەر ئەوەی قەناعەتم پێیەتی لای من ئاســـاییە، چونکە ماچێکی پیرۆزە دەتوانی لەگەڵ دایك و برا و خوشکەکانیشـــت ئەو جۆرە ماچە بکەی.

***هەندێـــك هونەرمەنـــد هەن درەنـــگ ژیانی هاوســـەرگیری پیکدەهێنن، ئایـــا هونەر ڕێگرە لەبەردەم ئەو پرۆسەیە؟**

- بێگومـــان هونەر جۆرێك لە ڕێگری دروســـت دەکات، سەبارەت بە خۆیشم تا ئێستا ئەو کەسەم نەدۆزیوەتەوە کە هەڵیبژێرم وەك هاوسەری ژیان، رەنگە لەبەر ئەوە بێت کەوا من سەرقاڵی کاری تر بم و بە جددی بیرم لەو بابەتە نەکردۆتەوە، بەڵام زۆر حـــەز دەکەم رۆژێك بێ منیـــش ژن بهێنم، چونکە ژنهێنان واتە ســـەقامگیری و سوننەتی ژیانە و پێویســـتە مـــرۆڤ ئایینی خۆی کاملٌ بکات.

*** ڕێگری هونەر لە ژنهێنان لەبەر سەرقاڵ بوونە یان لەبەر ناوبانگە؟**

- هەردوو لایەن دەگرێتەوە و هەر یەکیان بەشێکی تێدایە لە ڕێگرییەکە.

*** هەڤاڵ ئیبراهیم پەیجی هەیە لە فەیسبوك؟**

-بەڵی پەیجی خۆم هەیـــە، بەڵام جاری واهەیە ســـێ مانگ چوار مانگ نایکەمـــەوە، لەبەر نەبوونـــی کات هەروەها لەبەر ئەوەی من زۆر بە فەیسبووکەوە نەبەستراومەتەوە و ئالودەی نەبووم.

*** ئـــەی بۆ ئـــەو هونەرمەندانـــە چ دەڵێی کە پەیجیـــان هەیە و دەڵێن نیمانە یان ئەوە ئێمە نین، یان هەندێـــك هونەرمەند هـــەن دوورە پەرێزن لە جەماوەر؟**

-ناتوانم لە بری کەس قســـە بکـــەم، بەڵام زۆر خۆشە مرۆڤ راشـــکاوانە قسە بکات، ئەمەش دەگەڕێتـــەوە سروشـــتی ئـــەو هونەرمەنـــدە و چۆنییەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ واقع و پلانی خۆی لـــەو بوارە، لە هەندێك حاڵەتدا پێویســـتە جۆرە دوورکەوتنێـــك هەبێت لەنێوان هونەرمەند و جەماوەر بەتایبەتی هەندێکیان ئەتەکێتی ئەوەیان نییە بێنە ناو جەماوەر، چونکە رەنگە ئەگەر بێت زیان بە خۆی بگەیەنێت واتە نەچێتە ناو جەماوەر باشترە، هەندێك تریش پێیانوایە ئەگەر لە جەماوەر دووربکەونـــەوە مەرغوبتر دەبێت، من پێم باشـــە هونەرمەند دوورە پەرێز نەبێت، بەڵام بزانێت چۆن و کەی و بە چ شێوەیەك دێتە ناو جەماوەر.



# هەولێر فیستیڤاڵێکی شانۆیی نێوەدەوڵەتی لە باوەش دەگرێت

دیمانە/ بەهرە صدیق

**بۆ زانین و ئاگادار بوون لە کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ و ئەو کارو چالاکی و فیستیڤاڵە چاوەڕوانکراوەی بە نیازن لە داهاتوو لە شاری هەولێر ئەنجامی بدەن، سـەردانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆمان کرد و هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**لەبەر پەسەند نەکردنی بودجە زۆر شتمان بۆ نەکرا**

هیوا سوعاد دەربارەی کارەکانیان لە ماوەی رابردوودا گوتی: لای هەموو کەسێك ئاشکرایە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری شـانۆ و زەمینە خۆش کردن بۆ بەرهەمی هونەری شـانۆیی لە کوردستان بەگشتی و لەشاری هەولێر بەتایبەتی دا دەکات،، لەماوەی سێ ساڵی رابردوو چەندین فیسـتیڤاڵ و شانۆگەری وەرزی شانۆیی و سیمینارو کۆری شیعری ئەنجامدراوە و ئێستاش هـەر بەردەوامە، چەندین چالاکـی و بزاڤ هەیە هەوڵمانداوە بیکەینە نەریت، بۆنموونە فیسـتیڤاڵی شـانۆی مندالان، فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر، ئەم ساڵ یادی رۆژی جیهانی شانۆمان کردەوە و تێیدا چەند شانۆییەکمان پێشـکەش کردو چەند کەسێك خەڵات کران و دوو گرووپمان لە سـلێمانی و دهۆك داوەت کرد و ئەوەی کە بۆشمان نەکراوە لەبەر پەسەند نەکردنی بوودجە بووە.

**فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لە هەولێر ساز دەکرێ**

سـەبارەت بـە گرنگتریـن کارەکان داهاتوویـان بەڕێوەبەری هونەری شـانۆ گوتی: بۆ ئەم سـاڵ بە نیازین فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی رێك بخەین کە زیاتر لە دوانزە شـانۆگەری بەشداری تێدا دەکات لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسـا و هۆڵەنداو ئێران و تورکیا و کوردسـتان و عێـراق، هەروەها بۆ ئەوەی گرنگی و بایەخی زیاتر بە هونەری شـانۆ بدرێت نەك تەنیا لە سەنتەری شاری هەولێر بەڵکو لە قەزا و ناحیەکانیش لە بەرنامەماندایە فیستیڤاڵی شانۆیی قەزاو ناحیەکانی سـەر بە پارێزگای هەولێر ئەنجام بدەین، کە لەوانەیە دەوروبەری قەزاو ناحیەکانی تری کوردستان بەشداری بکەن، لەلایەکی دیکەوە کار بۆ ئەوەش دەکەین گرووپێکی گەڕۆك دروسـت بکەین ئەندامەکانی گرووپەکەمان دەستنیشان کردووە، تەنیا ئەوە ماوە بگەڕێین لەو شوێنانەی کە زەمینەی تێدا خۆش کراوە بۆ کاری شـانۆیی، چونکە پێویسـتە زەمینە سـاز بکەین بۆ ئەم کارە، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە دەرگامان والایە بۆ هەر کەسـێك لە هەر شـوێنێك بێت کە پرۆژەی شانۆییمان پێشکەش بکات ئەگەر بشـێ ئێمە رەزامەندی لەسەر دەدەین، و لەم رۆژانە دەسـت بەوەرزی خۆمان دەکەین چەند رۆژێك لەمەوبەر شانۆگەری (قرنیس) نمایشکرا و جەماوەری یەکجار زۆر بەدیتنی شـادبوون ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەسەلمێنێ کە شانۆ قۆناغێکی تر بەخۆیەوە دەبینێ.

هەر سەبارەت بە فیستیڤاڵە چاوەڕوان کراوە و گرووپە بەشداربووەکانیش هیوا سـوعاد وتی: بۆ سازدانی فیسـتیڤاڵەکە رەزامەندیمان وەرگرتووە و بڕی ١٩١ ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، لەو رۆژانەش سـەردانی فەرەنسا دەکرێ و لەوێوەش بۆ ئەڵمانیا بەمەبەستی دەست نیشانکردنی لیژنەی بڕیاردەر.

لایەنـی هەرە گرنـگ (ئای تی ئـای)ە، واتە (پەیمانـگای جیهانـی شـانۆ) بەشـداری تێدا بـکات، هـەوڵ دەدەیـن قورسـاییەکی هەبێ و هونەرمەنـدی بەتوانا داوەت بکەین لە ئەوروپا و لە وڵاتانی عەرەبیش، لەوانەش لە فەرەنسـا شـانۆی (پیتەربرۆف)و لە ئەڵمانیـا، ئەگەر بودجەکە بەش بـکات گرووپێکـی یابانی رازی بـووە ئەوانیش بەشـداری بکە ن،بەڵام ئەوەی بەفەرمی قسـەی لەگـەڵ کراوە گرووپێکی فەرەنسـی و ئەڵمانی و تورکی و ئێرانیە، لەم رۆژانەدا فیستیڤاڵێك لەتاران سـاز دەکرێت، بەڵێنیانداوە باشترین بەرهەمی ئەوێ بهێننە فیستیڤاڵەکەی ئێمەشەوە، هەروەها تیپەکانی شاری هەولێر و بەرێوەبەرایەتی شانۆی شارەکانی تر بانگهێشت دەکرێن.

هیوا سـوعاد باسـی لـەوەش کرد لـە میانەی فیسـتیڤاڵەکەدا دەستنیشانکردنی باشترین ئەکتەرو باشترین دەرهێنەرو باشترین دەقی بەشداربوو دەکرێت، لێژنەیەك دادەنرێ بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکان کە لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی فراوانکردن و کەم کردنەوەی خەڵاتەکانـی هەیە، بەڵام خـەڵات و گفتوگۆی رەخنەیی تێدادەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدەین چەند هونەرمەندێکـی ناودار لەفیسـتیڤاڵەکەدا کۆبکەینەوە.

# هایلی پروپاگەندە بۆ (ئۆتۆمبیلەکان) دەکات



وەك هەمـــوو ئەکتەرە بەناوبانگـەکان کچە ئەکتەری ئەمریکی هایلی ستاینفیلد ئامادەی یەکەك نمایشی بەشـی دووەمی فیلمـی (ئۆتۆمبیلـەکان) بوو لە هۆلیود.

سـتاینفیلدی تەمەن ١٥ساڵ کە رۆڵی لە فیلمەکەدا هەیە، پروپاگەندی بۆ دەکرد، بەڵام نا شـارەزایی پێوە دیار بوو هەرچەندە زۆربەی ئەو ئەکتەرە بەناوبانگانەی کە ئامادە بوون ستایشـی ستاینفیلدیان کرد و هیوای ئەوەیان خواسـت کە بتوانێت بەو شـێوەیەی ئێسـتا بەردەوام بێـت بۆ ئەوەی پاشـەرۆژدا بتوانێت رۆڵی گەورەتـر بگێڕێت، تەنانەت هەندێـك لە ئەکتەرەکان پێشـبینییان کرد لە ماوەیەکـی زۆر نزیکدا ببێتە بە ئەستێرەی یەکەمی هۆلیۆد.

## عادل ئیمام هەڵوێستێکی مرۆڤانە دەنوێنێت



ئەکتەری گەورەی میســری عادل ئیمام بڕیاریدا هەموو خەرجییەکانی ئەکتەری میسری سەعید صالح لە ئەستۆ بگرێت کە ئێستا باری تەندروستی تێکچووە و لە نەخۆشخانە کەوتووە.

عادل ئیمام کە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەعید صالح، هەروەها کارەکانی وێنەگرتنـی زنجیرەی (ناجی عەتەڵـلا)ی راگرت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە تەندروسـتی هاورێکەی و دوای تووشبوونی سەعید بە جەڵتەیەکی سوك و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە یەکسەر سەردانی کرد داوای لەو نەخۆشخانە کرد کە سـەعید صالحی تێدایە کە گشت خەرجیەکانی چارەسەر کردنی بگوازنەوە سەر نووسـینگەی تایبەتی خۆی و رایگەیاند ئەمە کەمترین وەفایە بەرامبەر بە هاورێی تەمەنی درێژم بینوێنم.

### روان ستۆرم:

# حەز دەکەم بێمە کوردستان وکۆنسێرت پێشکەش بکەم

روان سـتۆرم یەکێکە لە دەف ژەنـە بەناوبانگانەی جیهان کە دانیشـتووی ئەمریکایە، ماوەی ٢٥ سـاڵە وەك هونەرمەندێك کاری هونەری دەکات بەتایبەتی ژەنینی ئامێرە مۆزیکییە رۆژهەڵاتییەکان و داهێنانی زۆری لەو بوارەدا کردووە.

لـە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گوڵان باس لە ئامێـری دەف دەکات و دەڵێت: ئامێرە موزیکییە رۆژهەڵاتییـەکان بە گشـتی تاموچێژێکی تایبەت بە موزیك هونەر دەبەخشـن، بەجۆرێك مرۆڤ ئەگەر بە وردی بچێتە ناخی ئەم ئامێر و ئەو دەنگەی کە هەیانە هەست دەکات رووە رۆحی موزیك هەنگاو، بۆیە هەوڵمداوە بە گوێرەی توانای خۆم کار لەسـەر ئەم ئامێرانە بکەم و لە موزیك و هونەر و لەنێو جەماوەری رۆژئاواشدا زیندوویان بکەمە.

سـەبارەت بە دەفیش روان دەڵێ: دەف یەکێکە لـەو ئامێرانەی کە من خولیایم و حەز دەکەم بەردەوام شتی نوێی لێ فێر بم و پێشکەشی بکەم، چونکە لە مۆسیقای رۆژهەڵاتیدا جێی دیارە و تامێکی تایبەت دەبەخشێتە مۆسیقا.

روان لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی: زۆر حەز دەکەم سـەردانی کوردستان بکەم و کۆنسێرتێکی تایبەت پێشکەش بکەم، چونکە خەڵکی کوردستان تامەزرۆی مۆسـیقان بەتایبەتی بیسـتوومە کە خەڵکی کوردسـتانی ئێران شـارەزاییەکی زۆریان هەیە لە ژەنینی دەف و بەشـێکی زیندووە لە هونەرەکەیان، هیوادارم ئەو ئاواتەم بێتە دی.

# ڕێزان فەرەج: لەبەر

ت/ گوڵان ئازاد

هەر لە منداڵییەوە خولیای شانۆ لە مێشك و دەروونیدا هەبوو و بە ئاواتەوە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر تەختەی شانۆ خۆی ببینێتەوە، بەڵام ڕێزان فەرەجی ئەكتەر كە چووە پەیمانگای هونەرە جوانەكان ناچار بوو لە بەشی سیرامیك و شێوەكاری بخوێنێت، چونكە هەندێك ئاستەنگ هەبوون كە ڕێگر بوون لەوەی بە ئاواتەكەی بگات، تا لە كۆتاییدا بە ڕێكەوتێكی چاوەڕوان نەكراو خۆی لەسەر تەختەی شانۆ بینییەوە، ئیدی لەو كاتەوە ئەو خانمە ئەكتەرە بەردەوام بوو لە كاری نواندن تا بە ئەمڕۆ دەگات و شێوەكاریشی بۆ هەتا هەتایە لە مێشكی خۆی وەدەرنا.



## لە یەكەم كاری شانۆییدا شوێنی هاوسەرەكەی گرت

ڕێزان سەرەتا لە بواری شێوەكاری بوو، بەڵام چۆن ڕووی كردە شانۆ و بۆچی سەرەتا ڕووی لە بەشی شانۆ نەكرد، دەربارەی ئەمە دەڵێ: من شێوەكار بووم لە بەشی سیرامیك نەك شانۆكار، هەرچەندە خۆم لەسەرەتاوە حەزم لە بواری شانۆ بوو، بەڵام بارودۆخی ئەو كاتەی خێزانیم و كۆت و بەندەكانی كۆمەڵگا ڕێگر بوون لەوەی ڕوو لە بەشی شانۆ بكەم، بۆیە لە پەیمانگا بەشی شێوەكاریم هەڵبژارد. هەر لەوێ هاوڕێیەتی لەنێوان من و ئەحمەد رەئوفی هاوسەرم دروستبوو ئەو قوتابی شانۆ بوو، كە رازی دڵی خۆیشی بۆ دركاندم دوای یەك هەفتە ڕازی بووم و زۆر زۆریشم خۆشویست تا ئێستاش ئەم خۆشەویستییە هەر لە گەورە بووندایە و هەر لە سەرەتاوە دوو هاوڕێی زۆر نزیك بوین یەكترمان زۆر خۆشدەویست. لە ساڵی دووەمی پەیمانگە ئەحمەد زیندانی كرا، كە زیندانی كرا وتم نابێت هیچ شتێك شوێنی ئەحمەد بسڕێتەوە لەسەر شانۆ، بۆیە خۆم چوومە سەر شانۆ و نەمهێشت جێگەكەی بەتاڵ بێت، ئەوە بوو من یەكەم كاری شانۆییم لەساڵی ١٩٨٦ پێشكەش كرد، وەك گوتم خۆم زۆر خولیای شانۆ بووم، بەڵام خۆشەویستی ئەحمەد زیاتر هانیدام. بەرهەمی ئەم خۆشەویستیەشمان ئێستا دوو منالی چاوگەشن (محەمەد و ترێ).

## ئە كتەری سەركەوتوو سادەیە و ڕێزی خۆی دەگرێت

بێگومان سەركەوتنی ئەكتەر یاخود ئەكتەری سەركەوتوو پێویستە چەند مەرج تایبەتمەندی تێدا بێت كە تەنیا لایەنە هونەرییەكەی ناگرێتەوە، بەڵكو پێوەندی بە كەسایەتی ئەكتەرەكەشەوە هەیە، لەم بارەیەوە ڕێزان پێیوایە: ئەكتەری سەركەوتوو ئەو كەسەیە كە سادەیە، ڕێزی خوی دەگرێت و خەڵك ڕێزی دەگرێت، لە دابونەریتی كۆمەڵگاكەی لا نادات پاشان، ئەو ڕۆڵانەی كە پێی دەسپێردرێن بە جوانی بەرجەستەیان بكات وەدەچێتە ناخی ئەو ڕۆڵانەوە و پێش هەموو شتێك پێویستە بینەر لێی ڕازی



بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
xalil2001@yahoo.com
Mobile: 07504494920

بێت. خاتوو ڕێزان سەرەڕای ئەو هەموو کارە تەلەفزیۆنی و درامایەی کە هەیەتی، بەڵام لە شانۆدا تەنها دوو کاری هەیە ئەویش کە پیشـــتر ئاماژەمان پێی کرد لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و لە شوێنی کاك ئەحمەی هاوسەری ڕۆڵی گێڕاوە، پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە جارێکیتر گەڕاوەتەوە سەر تەختەی شانۆ، ئەویش لە مانگی ڕەمەزانی پار بوو کە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە شانۆی (پاریزەرەکەی ڕەحمە). ئەمساڵیش بە نیازن لە درێـــژەی کارو چالاکییەکانیاندا گروپی هونەری ڕەنگاڵە شـــانۆگەرییەکی نوێ لە مانگی ڕەمەزاندا پێشکەش بکەن.

خاتوو ڕێزان لە هیچ جۆرە کارێکی سینەمای بە شدار نەبووە، لێم پرسی بۆ؟ لەبەر ئەوەیە کە کاری ســـینەماییت پێنەسپێردراوە، وتی لەبـــەر ئـــەوەی کاتم زۆر کەمـــە .لەنێوان دەرهێنەرە کوردەکانیش سەرسامی بەهمەنی قوبادیـــم، چونکە ئەو کـــوردی بە جیهان ناساند پاشانیش کارەکانی زۆر کۆمەڵایەتی و جوانن. بە گشتی دەتوانم بڵێم سینەمای کوردی لە ئاستێکی مام ناوەندیە.

## زۆر حەزم لە دەنگی نەریمان بابان و کەمال محەمەدە

کاتێك کـــە پەیوەندییم پێوە کـــردو زەنگ لێیـــدا یەکســـەر گۆرانییەك لـــە گۆرانیە خۆشـــەکانی نەریمان بابان هاتە گوێم کە وەڵامی دایەوە لێم پرسی: دیارە زۆر حەزت بـــە دەنگییەتی ؟وتی بـــە دەر لەوەی کە نەریمان کوڕی پورمـــە، بەس زۆر حەز بە گۆرانییەکانی دەکەم لەگەڵ گۆرانییەکانی کەمال محەمەد .لە فلیمە بیانیەکانیش زۆر حەزی بە فیلمە میسریە کونەکانە بەتایبەت فلیمەکانی مەدیحە یوسری، چونکە ئەوسا وەك ئێستا ئەو هەموو تەلەفزیۆنانە نەبوون، تەنیا دوو ســـێ کەناڵ هەبوون، بەڵام زۆر خۆش بـــوون ڕاســـتە تەلەفزیۆنی کوردی نەبوو بەس کەرکوك هەبوو، بەڵام کە مرۆڤ ســـەیری دەکرد دڵی دەکرایەوە وەك ئێســـتا شەڕە کەناڵ و میدیا نەبوو.

## کۆمەڵێك کاری نوێم بەڕێوەیە

سەبارەت بە کارە تازەکانی ڕێزان خان وتی: بۆ ڕەمەزان ســـتافی هەمەڕەنگ بەنیازی چەند ئەڵقەیەکین لەگەڵ شـــانۆگەرییەك، پاشـــان لە زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی لەگـــەڵ دەرهێنەری بە توانا کاك ســـالار ســـوڵتان کارم کردووە، بـــەم زووانە نمایش دەکرێت کە لە ستافێکی بەتواناو بە ئەزموون پێکهاتبون، لە گـــەڵ کۆمەڵێك ئەکتەری بەتوانا لەوانەش شەماڵی عەبە ڕەش و نزار سەلامی کە من زۆر بە کارکردن لەگەڵیان دڵخۆش و ئارامن بۆیە لێرەوە دەستخۆشیان لێدەکەم ودەڵێم بەهیوای کارێکی سەرکەوتوو. لە گەردەلولی ســـێیەمیش بەشـــدار نەبووم هەرچەنـــدە پێشـــیان وتم، بـــەڵام دەرفەتم نەبوو، پێشـــمووایە لە بەشی یەکەم و دووەم سەرکەوتووتر دەبێت

## هەر نازانم سیرامیك و شێوەکاری باسی چی دەکەن

هەرچەندە خاتوو ڕێزان دەرچووی بە شـــی شێوەکارییە، بەڵام ســـەبارەت بە شێوەکاری دەڵێـــت: ئەوەی شـــێوەکاری بێـــت ئەوەی سیرامیك و قوڕ و فەرش بێت، بیرم نەماوە هەر نازانم باسی چی دەکات. چی دەڵێن. بۆیە هیچم بیر نەماوە هەر بە دوای نواندندا ڕۆیشتوومە و شـــێوەکاری ئامانجم نەبووە بۆیـــەش هەڵمبژارد، چونکە نەمدەویســـت لە دنیـــای هونەر داببڕێم، بۆ کاری نواندن ئەگەر ئەحمەدی هاوسەرم نەبوایە قەد ئەم ڕێزانەی ئێســـتا نەدەبووم ئـــەو منی کردە ئەکتەر، راســـتە من خـــۆم بەهرەکەم هەیە و حـــەزم پێیەتی، بـــەڵام ئەویش هاندەری سەرەکیم بووە.

## دایکم هەموو شتێکە لە ژیانم

ڕێزان خان لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا بووە کە باوکی شەهید بوو، ئەو لە پۆلی چواری سەرەتایی بووە و تاقانەشە نە خوشکی هەیە نـــە برا و دەڵێت: تا ماوم قەرزاری دایکمم، چونکە ئـــەو هەموو تەمەنی لەســـەر من دانا، منی پێگەیاند ئێستاش بە قوربانی بم لای خۆمە ئەو جلە کوردییە جوانانەش کە لەبـــەرم دەیبینن لە کارەکانمدا زۆربەی هی ئەون ماونەتەوە، ئەمانەی نوێیەکانیش ئەو بۆم دەگونجێنێت. خۆشم زۆرم حەز بەجلی ڕەنگاو ڕەنگە و ڕەنگی پرتەقاڵیم زۆر پێ جوانـــە، بۆیە لە هەموو شـــتێکی ژیانمدا دەبێت شتێکی پرتەقاڵی تێدا بێت.

## زۆر حەزی بە جلوبەرگ و خواردنی کوردەوارییە

هاوسەرەکەی لەم سەفەرەی بارێك تەتکەوە پەتکـــەی بۆ هێنـــاوە، ســـەبارەت بەمەش دەڵێ: ئێستاش کارە دەستییەکانی ئەحمەدم ماوە کە لە زینـــدان بووە بۆی چنیوم هەر هەڵمگرتوون. دەربارەی خواردنیش زۆر حەزم لە خواردنە کوردەواریەکانە وەك گەنمـــە کوتاو و نۆکاو و ساوەر.



# خۆشەویستی هاوسەرەکەی ڕووی لە شانۆ کرد



